# ووردەکاری لەبارەی دەستە وتاقمەکانی شیعەوە

< کوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# التفصيل في فرق الشيعة

< كردي >

محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

IslamHouse.com

# ووردەکاری لەبارەی دەستە وتاقمەکانی شیعەوە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار :** ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە بزانین ئەو جیاوازیانە چین کە هەن لە نێوان ئەهلی سوننە و شیعەدا، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان بیروباوەڕی شیعەمان بۆ ڕوون بکەنەوە .

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

شیعە زۆر شێواز و گرۆهیان هەیە، هەیانە بێ باوەڕن، وەك ئەوانەی کە عەلی دەپەرستن و دەڵێن : یا عەلی، یان فاطمە وحوسەین و غەیری ئەوانیش دەپەرستن ..

وە هەندێکی تریان هەیە وباوەڕیان وایە : کە جوبرەئیل ( سەلامی خوای لێ بێت ) خیانەتی لە ئەمانەتی وەحی کردووە، و پێغەمبەرایەتی لای عەلی کوڕی ئەبو طالب بووە، نەك موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای پێغەمبەری ئیسلام ( درودی خوای لەسەر بێت ) .

وە هەندێکی تریش هەن، لەوانە وەك ئیمامیەکان، کە ڕافیزەی دوانزە ئیمامن، کە عەلی دەپەرستن، و دەڵێن : ئیمامەکانی ئەوان لە فریشتەکان و پێغەمبەران بەڕێزترن .

وە زۆر جۆری تریان هەیە، هەیانە بێ باوەڕن و هەشیانە بێ باوەڕ نین، ئاسانترین و ساناترینیان ئەو دەستە و تاقمەیانە، کە دەڵێن : عەلی لە هەر سێ خەلیفەکەی ڕاشدین ( أبو بکر، و عومەر، و عوسمان ) باشتر و بەڕێزترە، ئەم جۆرەیان بێ باوەڕ نین، بەڵام بەهەڵەدا چوون، چونکە عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت ) چوارەمین خەلیفەی ڕاشدینە، بێگومان أبو بکر و عومەر و عوسمان لەو باشترن، کەواتە فەزڵ وباشی ئەو بەسەر ئەو سێ خەلیفەی تردا هەڵەیە و پێچەوانەی کۆدەنگ و ئیجماعی هاوەڵانی بەڕێزە، بەڵام دەبێت بزانین ئەم جۆرەیان بێباوەڕ نابن، بۆیە دەبێت بزانین شیعە چەنج جۆرە ودەستە و تاقمن، ئەو کەسەشی دەیەوێت زیاتر شارەزایان ببێت با بگەڕێتەوە بۆ ڕاو بۆچوونی زانایان لەبارەیانەوە، وەك پەرتووکی ( الخطوط العریضه ) ی محب الدین الخطیب، وە پەرتووکی ( منهاج السنة ) ی شیخ الاسلام ابن تیمیة، وە هەندێك پەرتووکی تری، وەك پەرتووکی

( الشيعة والسنة ) ی دکتۆر إحسان إلهي ظهير، وە غەیری ئەوانەیش پەرتووکی تریش زۆرن کە شەڕ وخراپەی شیعەیان بە ووردی ڕوون کردوەتەوە .

بەڵام پیسترین جۆریان شیعەی دوانزە ئیمامی و شیعەی نوصەیریە، وە پێشیان دەوترێت ( الرافضة ) لەبەر ئەوەش ووتەی زەیدی کوڕی عەلیان ڕەد کردەوە کاتێك کە ڕازی نەبوو کە تەبەرا بکات لە هەردوو شێخی هاوەڵان أبو بەکری صدیق و عومەری کوڕی خەتاب ( خوایان لێ ڕازی بیت )، بۆیە هەستان پێچەوانەی ئەو وەستانەوە و ڕەفزیان کرد، بۆیە دەبینین مەرج نیە هەر کەسێك بانگەشەی ئیسلام بوونی کرد ئیتر بە موسڵمان هەژمار بکرێت، بۆیە هەرکەسێك بانگەشەی ئیسلامی کرد، تەماشای بانگەشەکەی دەکەین، هەرکەسێك خوای گەورەی بە یەکخوای پەرست وپێغەمبەرەکەی بەراست زانی و باوەڕی پێکرد، وشوێن ئەو وەحی و بەرنامەیە کەوت کە ئەو هێناویەتی ئەوە دەڵێین : ئەو کەسە موسڵمانە، بەڵام ئەگەر هاتوو بانگەشە وئیدعای ئەوەی کرد کە ئیسلامە، بەڵام فاطمە یان شێخی بەدەوی یان عیدڕوس و کەسانی تری دەپەرست، ئەوە ئەو کەسە هەرچەندە بانگەشە و ئیدعای موسڵمانیەتیش بکات، بە موسڵمان دانانرێت، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە باوەڕمان سەلامەت بکات و بمان پارێزیت لە شەڕ و خراپەیان، هەروەها هەرکەسێك جنێو بدات بە دین، یان نوێژەکانی نەکات، هەرچەند بەخۆیشی بڵێت موسڵمان، بەڵام بە موسڵمان دانانرێت یان کەسێك گاڵتە ولاقرتی بە دین و بە نوێژ و زەکات و ڕۆژوو یان بە موحەمەد پێغەمبەری ئیسلام بکات ( صلی الله علیه وسلم ) یان بەدرۆی بزانێت، یان بڵێت : پێغەمبەری کەسێکی نەزان و جاهیل بووە، و پەیام و بانگەوازەکەی تەواو نەکرد و نەیگەیاندە جێگای خۆی، و بەجوانی بۆ خەڵکی ڕوون نەکردەوە، هەموو ئەو کەسانە بە بێ باوەڕ دادەنرین، خوای گەورە دینمان سەلامەت بکات ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : مجموع فتاوى الشيخ ابن باز" (257/28)

ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام